کورتە چیرۆک Stig Dagerman و ڕەحمان سۆفی

# منداڵێک دێتە کوژتن

ڕۆژێکی خۆش، هەوایکی سووک، خۆرەتاو لارەمل تیشکی بە سەر دەشتا پەخشانە.
چونکە ئەمڕۆ یەکشەممەیە، بە زوویی ناقوسی کلیساکان زرینگەیان لێوەدێ.

لە نێوان سێ ڕێیانی سێ گوندان، پەنجێرەی خانووی گوند لە دوورەوە بریقە ئەدەنەوە. خەڵکی هەر کەس لە ماڵی خۆی، پیاوان لە ڕوخ ئاوێنە ڕدێنیان دەتاشن. ژنان سەرقاڵی نان و چێشت دروست کردنن. منداڵانیش لە سەر عەرزەکە هار و هاجی دەکەن. دوو تازەلاو لە نێوان دوو پەڵە جارە جۆدا، ڕێچکەێکیان دۆزیوەتەوە بۆ هاتوچۆی نێوان گوندان. دیارە لەوە پێش هەرگیز لە سێ ڕێیانی سێ گوندەی جیران نەیان دیبوو.

بەیانییەکی خۆش و ڕۆژێکی شومە. چونکە لەم ڕۆژەدا لە گوندی سەرێ منداڵێک بێتاوان بە دەستی پیاوێکی سەر و دڵ خۆش دێتە کوشتن. کابرای سەر و دڵخۆش خەریکی ڕدێن تاشینە. خۆی سازدەکا و دەیانەوێ لەگەڵ دەسگیرانەکەی بڕۆن بۆ دەریا و لەوێ پاپۆڕ سواری بکەن.

لەگوندی خوارێش، دایکی منداڵەکە، بە ویرە ویروە خەریکی نان برین و دابەش کردنی نان و قاوەی بەیانییە. نانەکەی بەش بەش دەکا و لە سەر دەوریکی لاژوەردی، لە سەر مێزەکە دایدەنێ. هێشتا منداڵان لە سەر عەرزەکە دانیشتون و دوگمەی سەڵتەکانیان دادەخەن. سێبەری هیچ خەتەرێک بە سەر چێشخانەکەوە نییە.

ئەو پیاوە کە نەخواستە منداڵەکە دەکوژێ، لە پۆمپی بێنزینە سوورەکە، لە گوندی سەرێ خەریکە بێنزین لە باکی ماشێنە شینە چکۆلەکەی دەکا. کابرا سەر و دڵخۆشە و لە ئاوێنەی ماشێنەکیدا دەڕوانێتە خۆی. لە پەنایەوە کچۆڵەیکی نەوجوان پێدەکەنێ و خۆی دەنوێنێ. لە کاتێک دا کە کچۆڵەکە پێدەکەنێ، پیاوەکە بە ماشێنە جوانەکەیەوە دەنازێ. کابرای بێنزین فرۆش سەرقاڵی سەرپێچ بادانی باکی ماشێنەکەیە. پیاوەکە دەڵێ ڕۆژێکی خۆشە، هیوا دەکەم خۆشتان لێ بگوزەرێ. پیاوەکەش کە نەخواستە گەرەکە منداڵەکە بکوژێ، کیفەکەی لە گیرفانی دەردێنێ و دەڵێ:دەیانەوێ لێخوڕن بەرەو دەریا، و لە کەنار دەریا پاپۆڕێک قەرز بکەن و تا چاو هەتەر بکا سەوڵ لێدەن و بگەڕێن. لە شوشەی ماشێنەکەوە کچەکە چاوی لێیە کە پیاوەکە چ دەکا. بەڵام چاوەکانی لە سەر یەک دادەنێ و لە دنیای خولیای خۆیدا، لە پاپۆڕێکدا لە تەنیشت پیاوەکەوە دانیشتوە، بە جووتە پاپۆڕ لە سەر ئاو سەوڵ ئەدن. لە چاوی ئەودا پیاوەکە بەدفەڕ نییە. بەڵکو ڕووخۆش و لەفزخۆشە. کابرا پێش ئەوەی سواری ماشێنەکەبن چاوترووکانێک لەهەمبەر کلیساکە دەوێستێ. ماشێنەکەی لەبەر خۆرەکە ئەدرەوشێتەوە، و بریقە ئەداتەوە. بەڵام بۆنی بێنزین و بۆتەی داریاس ئەو

ناوەیان پڕ بۆن کردوە. هیچ خەتەریک بە سەر ماشێنەکەوە نییە. سپەر و چاڵوچۆڵیش لە ڕێگادا نییە. هیچ شوێنیک سووری خوێن نییە.

لەهەمان کاتدا کە پیاوەکە لە گوندی سەرێ درگای ماشێنەکە دەکاتەوە و سوار دەبێ. لە گوندی خوارێ دایکی منداڵەکە لە ئاشپەزخانە بۆ قەند دەگەڕێ. بەڵام لە بیری چووە کە قندیان نەماوە. منداڵەکەش خەریکە دوگمەی کراسەکەی دادەخا، و قەیتانی پێڵاوەکەنی دەبەستێ. لە سەر چۆک لە سەر کاناپەکە داهاتوەتەوە و لە پەنجێرەکەوە دەڕوانێتە زەریای نزیک ماڵان. زەریا لە نێو پەڵکەدارەکانەوە پێچا و پێچ بەرەو خوار دەخوشێ. ئاوەکە لە ژێر ڕەشە بەڕودا کاناڵێکی دڕیوە و خۆی کێشاوە بە سەر چیمەن و گژ و گیادا. پیاوەکەش لە ڕیش تاشین بوەتەوە. خەریکە کەرەسەی ڕیش تاشینەکەی کۆدەکاتەوە. فینجانی قاوە و شیر لە سەر مێزەکە دانراوە، بەڵام چاوەڕێی قەندن. مێشیش بە ویزە ویز لە مدبەخەکە دەسووڕینەوە. بەڵام قەند نییە. دایکی منداڵەکە بە کوڕەکەی دەڵێ:« ئادەی ڕۆڵە ڕاکە بۆ ماڵی لارسۆن مشتێک قەند بە قەرز وەرگرە ». لەکاتێکدا کە منداڵەکە درگاکە دەکاتەوە، پیاوەکە بانگ دەکا « ڕاکە زوو پاپۆڕکە لە لێواری زەریاچەکە وێستاوە گەرەکمانە سەوڵ لێدەن بەرەو دوورە دوورگەی کە تا ئێستا نەمان دیوە. . .

منداڵەکە بە نێو باخچەکەدا، بە هەڵەداوان ڕادەکا. لە خولیای زەریا و پاپۆڕ دایە، بیر لە ماسیەکانی نێو ئاو دەکاتەوە کە چۆن دێن و دەچن. لەودەمەدا هیچ کەس سرتەی لێوەنایە. منداڵەکە لەو بیر و خەیاڵە دایە و بێخەبەر لەوەی کە تەنیا چەن چرکەساتێکی مەودای بۆ ژیان ماوە. پاپۆڕەکە لە لێوار جوڵە ناکا. ئەو ڕۆژە و گەلێک ڕۆژانی دیکەش لەوێ دەبسترێتەوە.

ماڵی لارسۆن لەو بەری جادەکەیە. زۆر دوور نییە. منداڵەکە لەم بەر بۆ ئەو بەر دەپەڕێتەوە. هەر بۆیش بیری لێ ناکاتەوە. بە هەڵەداوان قەڵەم باز ئەدا و دەپەڕێتەوە. هیچ هۆشی لەوە نییە کە ئەو ماشێنە چکۆلە شینە لە گوندی سەرێوە تیژ داژوێ

گوند پێکهاتووە لە چەن خانوی بە کۆتە داری سوور سازکراو. خەڵکی ئاوایی تازە لە خەو هەستاون. هەر کەس لە ماڵ و لە مەدبەخی خۆیدا، خەریکی نانی بەیانی و قاوە خواردنەوەیە. چەن کەس لە پەنجێرەوە چاویان لێیە کە چۆن ماشێنەکە دەسووڕێ بۆ ئەوبەری حەساری بە پرژین گیراو، کە هەوری ڕەش کپی کردووە، لەبەر گەردەلولی پشتەوەی ماشێنەکە چاو چاو نابینێ. کابرا باوەکو زۆر بە پەلە داژوێ، بەڵام سەرنجی دەڕوا بۆ دارسێوەکانی ئەم بەر و بەری جادەکە. دارتێلی تازە قیربۆیاخ کراو فڕکە فڕکە لە بەر چاوی تێدەپەڕن. وەکو بۆرە سێبەر لە بەر چاوی دەگوزەرێن.

بایێکی هاوینی لە شوشەی هەڵدراوەوە سەر و چاو باوەشێن دەکا. کابرا لە دۆخێکی باشدا، دڵنیا لە جادەیکی نەر و بەریندا بە مەیلی خۆی داژوێ. کەیف خۆش و بە هێز، بە ئانیشکی ڕاستی لە قەبرغەی دەسگیرانەکەی دەکوتێ، بزەی دێتێ. لەچاو ژنەکەدا پیاوێکی بەدفەڕ نییە. بەڵام زۆر بە پەلەیە کە زووتر بگەنە دەریا. کابرا نەیگەرەکە کە زەردەواڵەیکیش بکوژێ. بەڵام بەو حاڵەش بەو زوانە منداڵەکە دەکوژێ. لەودەمەدا کە بە تاڵۆکە داژوێ بەرەو گوندی سێهەم، کچەکە چاوەکانی وێک دەنێ. بڕیاری وایە کە تا نەگەنە دەریا هەڵیان نەهێنێ. لە خولیای خۆی دایە و هاوتای جولانەی نەرمی ماشێنەکە لەشی دەبزوێنێ

پێکهاتەی ژیان زۆر بێ بەزەییە. کابراکە چرکەساتێک لەوپێش، سەرخۆش و بەکەیف بوو. کەچی ئێستا منداڵێک دەکوژێ! بەڵام دوای ئەم کارەساتە چۆن دەتوانێ هەست بە خۆشبەختی بکا. یان دەسگیرانەکەی کە لەترسان هاوار دەکا و دەقیژێنێ. چاوەکانی لەسەر یەک دادەنێ و لە خولیای گەیشتن بە دەریادا بێ. لەو لاشەوە دوا چرکە هەناسەی منداڵەکە بێ. یان ئەی دایک و بابی منداڵەکە، لە ماڵی خۆیان دانیشتون و چاوەڕوانن کە منداڵەکە بگەڕێتەوە و قەندیان بۆ بێنێ. دانیشتون باسی ددانە سپییەکانی منداڵەکەیان دەکەن. باسی ئەوە دەکەن کە یەک گەشت پاپۆڕ سەوڵ دان زۆر خۆشە. یان چۆن منداڵەکە دەتوانێ چەپەری حەوشەکە بکاتەوە و دایخاتەوە. تۆ بڵێی بتوانێ بە ڕاکردن لە جادەکە بپەڕێتەوە. بچێ بۆ ماڵێ لارسۆن تا چەن کولۆ قەندی بۆ لە کاغەزێک بە پێچنەوە بیدەنەدەستی و بڕێیکەنەوە.

لەو چەن چرکە هەناسەیەدا بە هیچ خۆرای ژیانی منداڵەکە کۆتای پێدێ. ئەوان لە خولیای ئەوەدا بوون کە بچن لە زەریاچە ماسی بگرن. بەڵام ئێستا دار پەڵکێ ڕەش داهاتو و زەریاچەی مات و بێدەنگ. تازە چدەکرێ.

دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، ماشێنە شین لابەلا لەو بەری جادەکە کەوتووەتە. ژنێک هاوار دەکا و دەقیژێنی. دەست بەدەمیەوە دەگرێ و لە نێوخۆیدا دەکوڵێ. خوێن لە دەستەکانی دەچۆڕێ. کابرا درگای ماشێنەکە دەکاتەوە. هەوڵی تەنیا ئەوەیە کە خۆی بە سەر پێوە ڕاگرێ. لە کاتێکدا کە درزێکی قوڵ کەوتوەتە ڕۆحی، و دەروونی دەخواتەوە. لەولاشەوە تەرمی بێگیانی منداڵەکە بە بێ بزوە لە عەرز دراوە و دەم و چاوی لە سەر خیزەلانی جادەکە خوێنی لێ دەچوڕێ. لەتەنیش تەرمی منداڵەکەوە چەن کڵۆ قەندی بێ بایەخ لەخوێندا نوقم بووە.

زۆری پێناچی دوو مرۆڤی ڕەنگ هەڵبزرکاو دەگەنێ. لەبەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە فریا نەکەوتون نان و قاوەی بەیان بخۆن. هەر ئەوەیان لە دەست هاتووە کە بەتاڵۆکە ڕاکەن و خۆ بگەیننە ئەو بەری جادەکە و کارەساتێک بە چاوی خۆیان ببینن کە هەرگیز لە بیریان

نەچێتاوە. چونکە ئەو وتەی پێشینیانە ڕاست نییە کە دەڵێن « زەمان هەموو برینێک سارێژ دەکا ». زەمان برینی منداڵێکی کوژراو دەرمان ناکا. دڵی زامداری دیک و بابیشی زۆر خراپ بە ناسۆر دەخا. دەردی دایکی ڕۆڵە کوژراو لەوە گرانترە، کە مەرگی جگەر گوشەکەی لە بیر ناچێتەوە. دایک ویژدانی ئازاری دەدا. ئەویش دایکێک کە لە بیری چوبێ قەند بکڕێ. بۆچەن کڵۆ قەند منداڵەکەی ناردوە بۆ ئەو بەری جادەکە، کە لە دێی خوارو قەند قەرز بکا.

کابراش هەرگیز لە ژیانیدا ناحەسێتەوە. لەبەر نارەحەتی ویژدان ئیدی ئەو کەیف و دەماخەی بۆ نەماوەتەوە. چونکە کەسێک منداڵێک بەبێ تاوان بکوژێ ئیدی ناتوانێ بچێت بۆ لێواری دەریا و پاپۆڕ سواری بکا و سەر خۆش و دڵخۆش ڕابوێرێ. بەڵکو ناچار دەبێ دەست لە پێ درێژتر بگەڕێتەوە بۆ ماڵ و لە گۆشەیکەوە کز کز دانیشێ وسەر بەر داتەوە. بڕوانێتە دەسگیرانەکەی کە لە زمان کەوتوە و فرمێسک دەڕێژێ.

بەیانیەکی خۆش و ڕۆژێکی شومە. خەبەر بە هەموو گندەکاندا بەڵاو بووەتەوە. خەڵکی مات و خەفەتبار دێن بۆ پرسە و سەر خۆشی. چاوت بە مرۆڤی سەر و دڵ خۆش ناکەوێ. بە بێ دەنگی دێن و پرسە دکەن و بێدنگ دەگەڕێنەوە. هەموو سێبەرێک تاریکە. چونکە منداڵەکەی کوشتووە، هەست دەکا کە ئەو بێدنگی ماتەمینە دوژمنی سەرەکی ئەوە و تا ساڵیانی ساڵ ناتوانێ بە سەر نارەحەتی ویژدانی و دەردی خۆیدا زاڵ بێ. هێزی ئەوەشی لێبڕاوە کە هاوار بکا و پاکانە بۆ خۆی بکا، کە خەتای ئەو نەبووە. تەنیا ڕووداوەیکی نەهاتی بووە و بەس. ڕەنگە تەنیا لە خەوی ئاڵۆزی شەوانەدا، خەون بە وەوە ببینێ کە خۆزیا و بریا بیتوانیایە بگەڕێتەوە ئەو کاتەی پێش ڕووداوە دڵتەزێنەکە. بە ڕوتی ژیان زۆر بێ بەزەییە. بەتایبەت بۆ کەسێک کە منداڵیک بکوژێ زیاتر بێ بەزەییە. تازەش هیچ ناکرێ. زۆر درەنگە کە بتوانێ تێی هەڵێنێتەوە . . .